سەرکی عێراق جەخت لە پێویستی بەدیهێنانی ئاشتی و ڕاگرتنی هێرشکانی سەر فڕۆکەستین کرد



عەبدوللەتیف جەمال ڕەشید، سەرکی کەماری عێراق جەختی لەسەر پێویستی بەدیهێنانی ئاسایش و ئاشتی و ڕاگرتنی هێرشکانی دژ بە گەلی فڕۆکەستین و لوبنان کردەوە و ئاماژەی بە گرنگی چالاککردنی سیاسەتی دەرەوە و پێیوەندییەکانی عێراق لەگەڵ ژینگەی دەوروبەر و نەودەوڵەتی کرد بەشێوەیەک کە لەگەڵ پێشهاتەکانی جیهاندا بگونجێت.

عەبدوللەتیف ڕەشید لەکاتی بەشداریکردنی لە ئاهەنگی وەزارەتی دەرەوەی عێراق کە لە باخچەکانی گەڕەپانی ئاهەنگ لە بەغدا بەبۆنەی 100 ساڵەی دامەزراندنیەوە سازکرا، گوتی: "داوا لە وەزارەتی دەرەوە و هەموو باڵیۆزخانەکانمان لە وڵاتانی جیهان دەکەین وێنەیەکی ڕاست و گەش بە بارودۆخی عێراق ڕوون بکەنەوە".

وتیشی: "جەخت لەسەر گرنگی سیاسەتی دەرەوە و پێیوەندییە دیپلۆماسییەکان دەکەینەوە و پێویستە بە شێوەیەک تەرکیزیان لەسەر بکرێت کە خزمەت بە عێراق بکات و لەگەڵ پێشهاتەکانی ناوچەکە و جیهاندا بگونجێت".